# دەستەی دۆناودۆنی ڕۆژان و دوعا

ڕەنگە زۆر جار وشە لە ئاست هەندێ ڕووداودا بێ ماناترین فاکتەر بێت،لەوانە کوشتنی ژنان یەکێکە لەو ڕووداوانەی کە زۆر ئەستەمە وشە بتوانێ بەرجەستەی بکاتەوە. دەشێ وشە بتوانێ لەدەست دانی ژیانی ژنێ بلاوێنێتەوە، بەڵام ناتوانێ ژیانەکەی بنووسێتەوە، زیندوو بکاتەوە. ڕاستییەکەی لای پیاوانی وڵاتەکەمان کوشتنی ژن ئاسان ترین شتە و هەموو جارێکیش بە پاساوێکی کۆمەڵایەتیی و ڕەوشتی بێدەنگی لێ دەکرێ.

بەمجۆرە "دووعا " وەک دواین ڕووداو لەسەر بەزاندنی سنووری خۆشەویستییەک کە نەریتی دەسەڵاتێکی بێ پرۆژە و یاسا لە کۆمەڵگایەکی نەریتی بۆیان کێشاوە، بە ڕەشەکوژیترین شێوە کەوتە بەر ڕقی پیاوانی لادێیەکەی. لە بەرانبەر ئەو ڕووداوە رووح ڕاچڵەکێنەدا ئێمە وەکو دەستەی دۆناودۆن ( ڕێکپۆش عەزیز، کازیوە ساڵح و هەندرێن و هانا شوان ) وێڕای دەستەوەستانمان لەبەرانبەر لاواندنەوەی ئازارە بێکۆتاییەکانی ڕۆحی بەرد بارانکراوی دووعا، چونکە مەخابن قسە کردن لەو ڕووداوە نامرۆڤانانە لای ئێمەی کورد لە دوای بەسەرچوونیان تەنیا لە چەند وشەیەک تێپەر ناکەن و پاشانیش دەچنە ئەرشیفەوە، دوای گفتوگۆییەکی زۆر، سەر ئەنجام بەوە گەشتین کە تەنانەت کوشتنی دووعاش خەریکە هەندێ لایەن لە پیاوانی سیاسیی و ژنە هاوبیرەکانیان دەیکەنە بەردەبازی ململانێی سیاسیی و ئایینی خۆیان، خەریکە لەسەر مەرگی خەمهێنەری دووعا ڕەوتی کەمپینەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەبەن، بەمەش دەیانەوێ تەنیا یەک شێوە لە کوشتن ڕەت بکەنەوە.

لەو ڕوانگەیەوە ئێمە پێمان وایە ئەو ڕووداوە زادەی ئەو ڕەوشە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە کە لە کوردستان و ئێراقدا لە ئارادایە. دیارە لەوکاتەی کە ئەمڕۆ لە ئێراقدا ڕق و کێنەی نەتەوەیی، ئایینی و هۆزگەری لە پەرەسندندایە، لەناو ئەو ململانێیە خوێناوییەدا ئێزیدییەکان بێدەسەڵاترین گرووپی ئاینین. ئێزیدییەکان لە دەڤەری شیخاندا کە هێشتا سەر بە شاری موسڵ و بەناو حکومەتی بەغدان. هەڵبەتە موسڵ مۆڵگەی شۆڤینیترین عارەبی سونی، تورکمان و مەسیحییەکانە. هەموو دەزانین لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا ، لە لایەن ئەو گرووپانەوە، بە تایبەتیش عارەبە شۆڤینیست و تێرۆریستەکان چەندان هێرشی دڕندانە کراوەتە سەر ئێزیدییەکان. بۆ نموونە لە لایەن شۆڤینیستەکانەوە هەوڵدرا بە ڕێگای کیمیاییکردنی ژینگە و ئاوی دەڤەری شێخان ؛هەوڵیاندا ئێزیدییەکان تێرۆر بکەن. هەروا لە پەراوێزی (ڕۆژان)ی کچە موسڵمانەوە هێرشێکی دڕندانە و ڕقئەستوور کرایە سەر ئێزییەدییە بێتاوانەکان و دواجاریش ناوەندی ڕۆشنبیریی لالشیشیان وێرانکرد. دوا ڕووداویش تێرۆرکردنی 28 کرێکاری بێگوناهی ئێزیدی لە شاری موسڵ و دواجاریش جۆشدانی فشاری دەروونی لەلایەن شۆڤینیستەکانەوە بۆ سەر ئێزیدییەکان ... هتد، وای لە ئێزیدییەکان کردووە کە برینی مێژوویان بکولێتەوە هەر لە کاتی لەشکری فتوحاتی ئیسلام و ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە کە هەوڵیاندا مەحفیان بکەنەوە تا ئەمڕۆ. ئێستا ئێزیدییەکان تاکە گرووپی بێ پشتیوانن، نە بەناو حکومەتی کوردی دەتوانێ ژیان و ئاسیشیان بپارێزی و نە حکومەتی بەناو ئێرآقیش. لێرەوە ئێزیدییەکان لە ژێر ئەو فشارە دەروونی و جەستەییەدا هیچی تریان بۆ نەماوەتەوە تەنیا کۆنترۆڵکردنی خۆیان نەبێ. دواجاریش پەنگدانەوەی ئەو کرۆنترۆڵەش خۆی لە تۆڵەکردنەوە لە دووعای بێدەسەڵات ڕەنگیدایەوە. وێڕای ئەمەش ئێمە پێمان وایە ئێستا کە پارتی دیمۆکراتی کوردستان ناتوانێ مافە ئایینیی، ئاساییش و ڕۆشنبیرییەکانی ئێزیدییەکان فەراهەم بکا،بۆیە ئێزیدییەکانیش بەشێکیان ناچارانە خۆیان خستۆتە باوەشی حکومەتی داهێزراوی بەغدا و بەشێکیشیان سەرگەردان ماونەتەوە. لە بەرانبەر ئەوەدا، هەروەک دوا ڕووداوەکان نیشیاندا، پۆلیسی سەر بە پارتی، یان بەناو حکومەتی کوردستان، نەک هەر وەک ئەرکێک ڕۆڵی داکۆکیکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕووداوانە نابینین، بەڵکوو بەشداریش بوون لە سووتاندنی بنکەی ڕۆشنبیریی لالش و تێرۆرکردنی ئێزیدییەکان.

وێڕای ئەمانەش، چەندان هۆکردی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لە پشت تەشەنەکردنی ئەو پێشهاتە مەتریسدارانەی دەڤەری شێخاندا هەیە، کە لێرەدا بوارمان نییە هەموویان شیبکەینەوە.

لەو ڕوانگەیەوە ئێمە پێمان وایە زۆرێک لەو هێز و لایەنانەی کە لە ژێر دەمامکی داکۆکیکردن لە مافی ژن و هاوسۆزی لە کوشتنی دووعا فرمێسکی تیمساحی دەڕێژن، هێندە مەبەستیان جۆشدانی دووبەرەکی ئایینی و سیاسییە، ئەوەندە داکۆکیکردن نییە لە مافی ژن و ڕووحی بریندار دووعا. ئێمە پێمان وایە دەبێ ئەو هێزانە، چ لە ئەورووپا و چ لە کوردستانیش، مەرگی جەرگبڕی دووعا نەکەنە بەردەبازی مەرامە سیاسیی و ئابوورییەکانی خۆیان. هاوکاتیش حکومەتی کوردستانیش، یان پارتی دیمۆکراتی کوردستان، لە جیاتی ئەو داکۆکیکردنە چەواشەکارانە لە دووعا، کە دوای ئەوەی بووە مەسەلەیەکی نێونەتەوەیی، ویژدانی سیاسیی و نەتەوەیی خۆی سزا بدا، تاکوو چیتر مرۆڤ و ژنیش بەو جۆرە ئەتک نەکرێ و بیر لە بە کردەکردنی یاسا بکاتەوە.

بەمجۆرە لەو روانگەیەوە بە پێویستمان زانی لەبەردەم ئەو ناڕەواییەدا، هەم کەمپینک و هەمیش چەند روونکردنەوەیەک بخەینە روو ، کە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبن:

1/، ئێمە کە خۆمان بە داکۆکیکاری مافەکانی ژنان و مرۆڤ دەزانین، پێمان وایە دەبێ لە دوای کارەساتی کوشتنی" دووعا " بکوژانی (رۆژان)یش بە هەمان شێوە سزای یاسایی بدرێن. وەکو دەزانین، رۆژان کچێکی موسوڵمان بوو , کە کورێکی ئێزدی خۆشدەویست، بەڵام پاش ئەوەی کەسوکاری بەو خۆشەویستییەیان زانی (رۆژان)یان کوشت و لاشەشیان بە مەمک برین و لووت بڕینەوە ئەتک کرد ،هەر بەمەشەوە نەوەستان، بەڵکوو کەسوکاری (رۆژان) بە یارمەتی ئاسایشی شێخان ؛ هێرشیان کردە سەر لادێکانی ئێزدییەکان و چەند دوکانێکی مەیفرۆشی و بنکەی رۆشنبیریی لالشیان سووتاند، پاشانیش دەسەڵاتدارانی ناوچەکە پاساوی کێشەی کۆمەڵایەتییان بۆ بۆ کوشتنی (رۆژان) و پەلامارەکەی ئاسایشی شێخان بۆ سەر ئێزدییەکان هێنایەوە. ئاشکرایە رێکخراوەکانی ژن/ئافرەتان ، لە بەرانبەر ئەم مەسەلەیەدا بێ دەنگی و پردەپۆش کردنیان هەڵبژارد و لایەنە سیاسییە هەڵپەرستەکانیش، وەک ئەوەی ئیستا بازرگانی بە رووحی بەردبارانکراوی دووعاوە دەکەن، قسەیەکیان نەکرد! ئایا ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێ، کە ئەگەر کچێکی کوردی موسوڵمان بیەوێ ببێ بە ئێزدی ئەوا کوشتنی حەڵاڵە، بەلام ئەگەر پێچەوانەکەی بێت، ئەوا کارەساتە؟ هەر بۆیە بێدەنگبوون لە کوشتنی (رۆژان) لە ناو ئەو هێرش و کەمپینانەی کە ئێستا بۆ مەرگی دووعا لە ئارادان، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوانە یەک جۆری کوشتن رەت دەکەنەوەوە. ئەمەش دەبێ زۆر وورییایانە مامەڵەی لە گەڵدا بکرێ و سەبارەت بە کوشتنی ژن نابێ بکەوینە ناو نۆرمی بیری پیاوانی دەسەڵاتدارەوە.
چونکە ئەوانەی (رۆژان)یان کوشت لە حزبێکی گەورەی کوردستان نزیکن, ئێمە جگە لەوەی کە هەموو جۆرە کوشتنێکی ژنان ریسوا دەکەین هاوکاتیش داوا دەکەین بکوژانی (رۆژان)یش لەگەڵ بکوژانی دووعا بە سزایی قانوونی بگەیەنرێن.

2/ وەک دەزانین ئێستا هەندێ لایەنی وەک ئیسلامییەکان خەریکن رووداوی کوشتنی دووعا دەقۆزنەوە، کە گوایە دووعا لەسەر ئەوە کوژراوە ویستوویەتی ببێ بە موسوڵمان. ئاشکرایە ئەمە بەتەواوی دوورە لە ڕاستی، چونکە دووعا بەر لەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە سەر بە چ ئایینێکە ئەڤیندار بوو، ئەڤینیش هەموو سنوورەکانی ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی دەبەزێنی. لێرەوە ئێمە بە توندی سەرکۆنەی "خۆشکانی یەکگرتووی ئیسلامی" دەکەین کە تا ئێستاش بە گشتی لەمەڕ کوشتنی ژنان لە کوردستاندا بێدەنگبوونە و قسەیەکیان لە دەم دەرنەهاتووە، بەڵام دەیانەوێ کوشتنی دوعا بکەنە بەردەبازی مەرامی سیاسی خۆیان.

3– ئاشکرایە لە نێو کەلتوور و ئاینی ئێزیدیدا ،ڕەجم کردن نیە ،تەنانەت بۆ ئەو هێمایەش کە ئیسلام ناوی ناوە شەیتان ، جگە لەوەی بەرد بەهای تایبەتی هەیە لایان ، ئەوەی لە کارەساتی کووشتنی دووعا دا بینرا توانەوەی ئاین و کەلتووری ئێزیدی بوو لە نێو ئاینی ئیسلام و کەلتووری عەرەبدا ،بە ڕادەیەک ئەوەی خۆیان بەلاوە ناوەو ئەوەی بێگانە لە خۆیان دڵسۆزانەتر جێبەجێ دەکەن ،ئەمە لە کاتێکدا دووعا بەو بەهانەیە کووژرا کە کەلتوور و ئاینی خۆی بەجێ هێشتووە . ئەوەش مەترسی گەورەیە و پێویستە کورد بە گشتی و ئێزدی بە تایبەتی بکەونە خۆیان لەو دوو فاقیەتە مەزهەبی و مرۆییەی تێکەوتوون و بزانن هەر میللەتێک بەو ئاستە سەرسامی کەلتووری بێگانە بێت جگە لەوەی خۆیان دۆڕاندووە و هەمیشە ڕووبەڕووی کارەساتی لەو جۆرە دەبنەوە ، تەسلیم کردنی خاک و وولاتیشیان لا ساکار و ئاساییە .
4/ئیمە پرۆتستۆی راگەیاندنی ئەوە کۆبوونەوەیەی رۆژی 4/29 /2007 دەکەین، کە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، دکتۆر کەمال کەرکوکی لەگەڵ رێکخراوەکانی ژنان سەبارەت بە کوشتنی دووعا راگەیاند، کە لەوێدا گوتوویەتی: " ئێمە تا ئێستا هەوڵمان داوە دوو نەفەر لەوانە بگرین کە وێنەکەیان گرتووە، بە دوای ئەوانی دیشدا دەگەڕێین و هەوڵی گرتنیان دەدەین..."
ئەوە مانای ئەوەیە، بۆ ئەوان گرتنی ئەو کەسانە گرنگە وێنەکانیان گرتووە تاوانەکانیانی ئاشکرا کردووە ،نەک ئەوانەی کە دووعایان بەردە باران کردووە. کەواتە ئەگەر ئەو وێنانە نەگیرابان ئەوا کوشتنی دووعاش وەک کوشتنی رۆژان دەچووە خانەی فەرامۆشیەوە. هاوکاتیش لەبەر ئەوەی ئاسایشی شێخان وەک دەزگایاکی حکومی بەرەسمی دەستی هەبوو لەو کوشتنەدا، بۆیە کەس نەیتوانیووە وێنە بگرێ و بڵاوی بکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخا کە ژن لەو کۆمەڵگایەدا هەرزانترین کاڵایە لە بەر چاوی پیاوانی دەسەڵاتی سیاسی، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دی ئەمە ستراتیجی پیاوانی دەسەڵاتدار دەردەخا ،کە ئەوەی بۆیان گرنگ نەبێ مەسەلەی کوشتنی ژنانە

لە ژێر بیانووی جۆراو جۆردا. هەر بۆیە دەبێ ئەم ستراتیجە لای ژنانی هۆشیار روون بێ و چیدی بە پاڕانەوە داوای ئازادی خۆی لەو پیاوانە نەکات، بەڵکوو دەبێ بە هێزی ژن هەڵبوەشێندرێنەوە .

5/ رێکخراوەکانی ژنان ئەوە بۆ 16 ساڵ دەچی هەتا ئێستاش جگە لە کاری پاڕانەوە لە پیاوانی دەسەڵات، کۆبوونەوە و بازرگانیکردن بە ئازاری ژنان، هیچی تریان نەکردووە، تەنانەت ئەوە هەر رێکخراوەکانی ژنانن کە نکۆڵی لە ئامارەکانی کوژران و سووتاندنی ژنان دەکەن و لە دوای هەر رووداوێک، وەک وێنای دیوەخان کۆدەبنەوە و چەند وشەیەک ریز دەکەن و دەچنە خزمەت ئاغاکانیان و ئەوانیش بە بزەیەک بەڕێیان دەکەنەوە.
لێرەوە ئێمە پێمان وایە وڵاتێک کە دەسەڵاتەکەی هێندە فەرهەنگی پڕ لەبەر بەربەریەت و دڕندەیی دژ بە ژنانی هەبێ، ئەوا نەک هەر نابێ لێی بپارێیتەوە، بەڵکوو دەبوو ژنان ئەو پەرلەمانەش گڕ تێ بەردەن کە لە ژێر بیانووی جۆراو جۆردا رەوایەتی بە کوشتنی ژنان دەدا. بەڵام کاتێ رێکخراوەکان جگە لە پاڕانەوە کارێکی دیکەیان نەبێ ئەوا ئێمە پێمان وایە دەبێ دابخرێن و کارمەندەکانیشیان لەناو حزبەکانیاندا خەریکی ئەرک و نەریتی کۆبوونەوەی خۆیان بن.

6/ ئێمە پێمان وایە هەموو ئێزدییەکان ژن کوژ نین، وەک چۆن هەموو کوردە موسوڵمانەکانیش ژن کوژ نین. خەڵکی کۆنپارێز و رەشەکووژ لە هەموو شوێنێکدا هەیە. بەمجۆرە ئێمە پشتیوانی لەو ئێزدییەناش دەکەین کە دژ بە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانەن و پرۆتستۆی ئەوانە دەکەین زیان بە ئێزدییەکان دەگەیەنن ،تەنها لە بەر ئەوەی ئێزییەدین ، ئەوە کاری دژ بە مرۆڤایەتیەو تەنها کەسانی تاوانبار لەو تاوانەدا شیاوی سزادانن ،نەک هەموو ئێزیدی .
7– ئەم کارەساتە خەریکە لە لایەن کۆمەڵێ نەتەوەیی سەلەفییەوە ،بە پاساو هێنانەوەی دەستی دوژمنانی گەل ڕەوایەتی دەدریەتی ، ئێمە پێمان وایە هەر ئایدۆلۆژیایەک هێڵی سووری مرۆڤایەتی پساند سەلەفیەتە ،هەر وەکو چۆن ئیسلامی سەلەفی هەیە ،ئاواش نەتەوەیی سەلەفی و چەپی سەلەفیش هەیە ، رێگەدان بەو بیرو باوەڕە سەلەفیانە و باوەڕهێنان پێیان جگە لەوەی ئەم جۆرە کارەساتانەی کورد هەمیشە بەرهەم دەهێنێتەوە ،گورزی کوشندەش لە هەستی نیشتمانی هاوڵاتیان دەدات .
8– بۆ ئێمە جێگەی پرسیارە بۆچی لە ناو ئەو خەڵکانەدا پۆلیسیش وەک تەماشا کار دەبینرێ؟ ئایا ئامادەیی ئەو پۆلیسانە وەک تەماشاکارێک، مانای ئەوە نییە کە دەسەڵاتێک یان لایەنێکی سیاسی لە پشت ئەو تاوانە جەرگبڕەوە وەستاوە؟ بێ گوومان بێ دەنگ بوونی هەردوو دەسەڵاتی عێراقی و کوردی ئەو گوومانەمان دەکات بە یەقین ،بۆیە ناچارین لەوە زیاتر بێ دەنگ نەبین لە ئاست خوێن ڕشتن و ئەتک کردنی ژنان و بەرەو بەربەریەت بردنی کۆمەڵی کوردی و هەوڵ بدەین دەستی دەرەوە وەردەینە کاری ناوخۆ و پەنا بۆ ئەو لایەن و وڵاتانە بەرین کە نرخی مرۆڤ وەکو مرۆڤ دەبینن ،نەک وەکو ڕەگەز ،هەوڵی مرۆڤدۆستی دەدەن لە نێو تاکەکاندا نەک مەرگ دۆستی ، بۆ ئەو مەبەستە و ئەو خاڵانەی لە سەرەوە پرتستۆمان کردووە ،هەر مرۆڤ دۆستێک خۆی بە هاوبیرمان دەزانێت با بەشداری ئەم کەمپینەمان لە گەڵدا بکات .

1/ کازیوە ساڵح .....نووسەر و رۆژنامەنوس .......کەنەدا
2/ رێکپۆش عزیز....نووسەر داکۆکیکاری مافی ژن....سوید
3/هانا شوان.......نووسەر و داکۆکیکاری مافی ژن ...سلێمانی
4/ هەندرێن........نووسەر و شاعیر..................سوید